كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-10-2007 1:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا




**کۆمەڵگای "فرەخودا" سیروان بابەعەلی**

ــ فیرعەونەکان، ئەسکەندەری مەکدۆنیی و گەورەکانی یۆنانی کۆن، کیسراکانی پارس، کەیسەرەکانی ڕۆم، قوبلای خان لەچین، کەیسەر هیرۆهیتۆی یابان. ئەوانە هەموویان بەخودابوونی خودی خۆیان ڕاگەیاند. ئەوانە (مۆنۆتیست ـ تاکخودا) بوون؛ لەبەرئەوە میللەتانیان بەلایکەمییەوە دەیانزانی بەخەنیبوونەکانیان سوپاسگوزاری کێبن و بۆ ناسۆرەکانیان دادوبێداد ئاراستەی کێ بکەن. بەڵام ئەو پۆستە لەکوردستان وەك هەمووشت داهێنانی تێداکراو فرەخودایی بەسەر شازادەکانی پشت "مێزی خڕ" دابەشبوو...

ــ جادەچۆڵو سێبەربووی گۆران...

ــ کارەساتی کوشتنی (دۆعا) و ئەو نانوپیازەی ڕەشەکوژە ئیسلامییەکان پێوەیانخوارد، کە گوایە لەپێناوی ئایینگۆڕیندا دوای خۆشەویستەکەی کەوت، نەك لەبەر هەوڵی گەیشتن بە دنیا ڕۆمانسییە ناسکو پڕ ئیستاتیکاکەی خۆشەویستی، کەدواجار دەرەنجامی ئەو بەئایینچوواندنە، پاساوی گڵاوتری بۆ ڕەخساندن و کوشتنی سەدەهای لێکەوتەوە (تەقینەوەکەی شەنگار) ...

... ئەمانە ئەو پرسانە بوون کە بەدرێژایی ڕێگاکە بەنێو خەیاڵمدا دەگوزەرانو پچرپچر مژۆڵیان دەکردم...

کات؛ پێشنیوەڕۆی بەرواری 07/09/2007، وڵات/ ئەڵمانیا، شار/ مانهایم، شەقام/ پلانکێن.

لەرێگەدابووم کە تێبینیم کرد؛ چاوی خەڵك بەچرپەو سەرنجەوە لەکورسییەکی ئاسنی نێزیك هێڵی ترامەکانیان دەڕوانی، بەرامبەر چاوی ئەوان، پیاوێکی تورك لەگەڵ ئافرەتێکی لەچکبەسەرو منداڵێك کە پەراوێکی گەورەیان بەدەستەوەبوو پیشانی کەسێکی دانیشتوی سەر کورسییەکەیان دەدا.

تائەوێ لەلام ئاسایی بوو، وامزانی خەڵك بەتەوسەوە تەماشای سواڵکەر دەکەن. ئەودیاردەیە لە ئەوروپا بەربڵاوە، کە قەرەج و کەسانی سەر بەگروپێکی لاکەوتە، کەسانی لانەواز، یان ڕێکخراوێك، لەرێگای نووسراێك یان ڕۆژنامەیەك پارەو پیتاك کۆدەکەنەوە...

ئەوکاتەی کە سەرنجی نووسراوەکەمداو زانیم پەڕاوی وێنەسازیی منداڵەکەیە؛ هەر لەسەرلا بەهۆی ئادگارو "کێش"ەوە زانیم کە کەسە دانیشتووەکەیش، (هیلمۆت کۆل) ە داوای ئیمزای لێدەکەن.

ئەو شازدەساڵ 82 - 98 ڕاوێژکار واتە سەرۆکی حکومەت بوو، پێشتر لە 69 - 76 سەرەك وەزیری هەرێمی (ڕاینلاندپفالتز بوو)، ڕابەری هەردوو پارتی (سی دی یو/ سی ئێس یو) وە زۆر پۆستی بەهێزی تر. ڕەخسێنەری پرۆسەی (جووت بڕیار) بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی ناتۆ، پاڵەوانی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای دیموکراتی و ئەڵمانیای فیدرال. یەکێك لە ئەندازیارە کاریگەرەکانی یەکگرتنی ئەوروپاو وەرگری خەڵاتی (کارلس) . پشوودرێژترین ڕابەری ئەڵمانیا لەدوای جەنگی جیهان و بەهێزترین سکرتێری پارتی دیموکراتی مەسیحی. وە لەگەڵ (کۆنراد ئادناوەر) بەناوو دەنگترین سەرکردەکانی سەردەمی بووژاندنەوەو هەستانەوەی ئەڵمانیا. لەسەردەمی خۆی خاوەنی بەرزترین مووچەی فەرمانبەری دەوڵەت لەجیهان بۆ وڵاتێکی دیموکراتی...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12-10-2007 1:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەڵمانیا وڵاتێکی 82 ملیۆن کەسییە (ئەوسا 86) بوو، ڕووبەری خاکەکەی نزیکەی 357. 000 کم دووجایە کەنزیکەی 80. 000 کم دووجا لەعێراق کەمترە بەڵام دانیشتوانی نزیکەی سێ هێندەیە، لەبەر ئەوە یەکێکە لە خاکە بەمرۆڤ چڕەکانو دانیشتوانی بەرێژەی 231 کەسن بۆ هەر "کم"ی دووجا. بەهەژمووترین وڵاتی پیشەسازی ئەوروپا. ئەڵمانیا لەو وڵاتانەیە کە بەهێزی سەربازی لەئەفغانستان بەشدارەو مەترسیی و هەڕەشەی تیرۆری بەردەوام لەسەرە. هەر دووڕۆژ پێش ئەم بەسەرهاتە تۆڕێکی سەربە (قاعیدە) دەستگیرکران...

دکتۆر کۆل تەنها یەك کەس لەتەنیشتی دانیشتبوو کە بەتەمەنە گەورەکەی لە (بۆدی گارد) نەدەچوو. نەهێزی پۆلیس و نە جرپەو خۆسەغڵەتکردنی بۆدی گاردو نە پەڕتەناشی ئۆتومبێل بێڕێزییان بەخەڵك دەکردو نە خەڵك بێڕێزییان بەسەربەستیی ئەو دەنواند. ئەوکاتەی کە ئەو ڕاوێژکاربوو لە ناسراوترین سەرکردەکانی جیهان بوو. بیرمە لە (ئۆگەرسهایم) چەندجار بەبەردەمی ماڵەکەی دەڕۆیشتم، هیچی بە ماڵەکانی تر نامۆ نەبوو، بەڵام من ئەوسا دەمگووت ئاخر خۆی لە (بۆن) ە. من جارێك چاودیتی هێلکەبارانێکی بووم لە ئەورووپاپلاتزی شاری (لودڤکسهافن) ....

( (پێش ماوەیەکیش خاتوو "ئەنجێلا مێرکل"ی ڕاوێژکاری ئێستا، لەکاتی کڕینی خواردەمەنی بەخودی خۆی، بینراو وێنەگیرا!) ) .

بەهەرحاڵ ئەو بەرگەی کە دکتۆر "هێلمۆت کۆل" پۆشیبووی لەوانەیە لەسەرخۆی 20 دۆلارێك کەوتبێت، تۆ 2 دۆلارت پێنەدەدا!

بەهۆی تەمەنەوە کە لەدایکبووی 1930 یە گۆچانێکی لەدەستبوو.

تائەوکاتە تەنها ئەو خێزانە تورکەو یەك ڕەشپێست لێی نزیکبوون، کەئەوانیش وەك من سەرسامبوون. هەرچەندە من هێندەی یەکدنیا ڕێزی سەربەستی هەرتاکێك دەگرم، بەڵام خۆم پێنەگیراو ئەو خاکەڕاییەی "ئەو" ڕەوشەکەی پێ پامالکردم. چوومە پێشەوە ووتم؛

ڕۆژباش بەڕێز کۆل؛ من دەمەوێت تەنها تەوقەیەکت لەگەڵ بکەم، من زۆر بەهەڵوێستە سیاسییەکانی ئێوە سەرسامبووم.

ئەو بەڕوویەکی خۆشەوە پرسیاری وڵاتەکەمی لێکردم، منیش ڕەچەڵەکە بێووڵاتەکەی خۆمم پێگووت، یەکسەر ووتی:

"ئا، ئێوەیش پاش تاڵاوێکی زۆر (Bitterkeit)، کونجێکی ئارامتان لەعێراق دەستکەوت"، ووتم؛ بەڵێ وایە. ووتی:

"سیاسەتمەدارەکاننتان هەوڵی باش بۆ ئارامی عێراق دەدەن (f□r die Ruhe im Irak) "، ووتم؛ بەڵێ وایە!

دواتر پرسیاریکرد:

"بارودۆختان وەك پەناهەندە لە ئەڵمانیا ڕەزامەندە (akzeptabel) ؟" ووتم؛ من زۆرباشم سوپاسی ئەڵمانیا دەکەم، بەڵام زۆربەی زۆری ڕەوشی خراپەو، ئەڵمانیا لەچاو وڵاتانی تری ئەوروپا بۆ مافی پەناهەندە باشترینیان نییە. ووتی:

"هەمووومان هەڵەمان زۆرە، من پێموایە ئەڵمانیا بە پێی توانای خۆی هەڵوێستی وەرگرتووە، بەڵام گرنگ دووشتە؛

یەك: هەمیشە باوەڕمان بە هەبوونی چەمکی (باشتر هەیە) هەبێت

.{immer an den Begriff «es gibt besseres» glauben}

دوو: مرۆڤ بۆ تواناکانی بەئەمەك بێت

."{Man sollte f□r seine F□higkeiten treu sein}

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەو شێوەیە بۆئەوەی زیاتر لەکاتی نەگرم، ڕۆژشادم لەو پیاوە بەرزوبەڕێزە کردو ڕۆیشتم. ئیتر هەتا چەند کاتژمێرێکی دوای ئەوە من هەر بیرم لە دەسەڵاتە دیسپۆتییەکەی کوردستان دەکردەوە. لە نەخوێندەواری بۆینباخلەمل، لە مێشکبچوکە گیرفانگەورەکان، لە پێگەنزمە لووتبەرزەکان، لە گەندەڵە بەئەتەکێتەکان، لە پێنووسفرۆشە پەرتوککرەکان، لە خێڵگەرە شارنشینەکان، لە ڕەوشتڕووتە پۆشتەکان، لە دوژمندۆستە خۆوڵاتییەکان، لە مافیا خوداناسەکان، لەپۆخەڵە تیۆرستەکان. وە لەناکۆکی نێوان: (گرێ ی خۆبەکەمزانی) لای ئێمە کەبۆتە داینەمۆی سادییەت و کینەو چەوساندنەوە؛
وە (هەستی خودبەکەمزانی ڕۆژئاوایی) کە هەوێنی لەخۆبوردویی و خزمەت و ئەفراندنە...
عەرەب دەڵێت، پڕناسۆرترین مەینەتی ئەوەیە کە دەتخانە پێکەنین (شرالبلیە مایچحك). ڕۆژێك بەڕێکەوت لەگەڵ برادەرێك پیاوێکی بەرەگەز ڕووسیمان ناسی، خۆی گووتەنی کۆن لەلیبیا ژیابوو کاری بۆ دەزگای (کەی جی بی) کردبوو وە زمانی عەرەبی دەزانی...
ووتی: لە (لیبیا) زۆرشت پێچەوانەیە، ئەوان بە خەڵوز دەڵێن (بەیاچ - بیاچ)! وە کابرایەك هەیە ئەو لیبیایەی کاولکردووەو ناویاننناوە (موعەمەر- معمر)! ئەی دەبێت ئەوکەسە بەنیشتمانی (پێچەوانەکان) ی لەمەڕئێمە چی بگووتایە؟
ئەگەر میللەتی ئێمەی بەوشێوەیە لەبندەستی خوداکانی بدیبایە دەبوو چی بگووتایە؟!
دوایی پرسیارێکی (فرێدریك نیتشە) م بە بیرداهات کە لەزمانی زەردەشتەوە لەئەستێرەکانی دەکات «ئاخر ئێوە چ بەختەوەرییەکتان دەبێت، ئەگەر ئەوانە نەبن کەبۆیان دەدرەوشێنەوە؟».
بۆیە دوایی لەگەڵ خۆمدا گەیشتمە ئەوباوەڕەی کەڕەوشی کوردستان تەنها بە پەرجوو (معجزە) یەك چاکدەبێت، ئەویش لەدەسەڵاتی خوداکانیەتی، وە ئەوەیە کە (برتۆلد بریێشت) دەڵێت «گەل حەل بکەن و گەلێکی تر دابمەزرێنن»!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.